تاوانی دیاردە
خەلەتێنەکان

زاروف حسن

دەڵێن : ماڵیان پڕبێ لە رازیانە . . بەڵام نازانم بۆچی منداڵیان بە دڵئێشە دەمرێت ؟ ! دیارە دەبێ نەزانین چۆن ئەو رازیانەیە بەکاربێنین . . خۆ بەکارهێنانیشی ئاسانە . ئەی دەبێ چی بێ ! تۆ بڵێی خۆمان خەڵەتاندبێ‌و راستیەکەی ئەوە بێت رازیانە شك نەبەین . . ئەی چی بکەین ؟ چارچیە ؟ ! رازیانەی خەڵکی بێنین‌و دڵئێشەکەی پێ ساڕێژ بکەین ؟ یا ئەوەتا قیروسیای لێ بکەین‌و بڵێین نەمانگەرەکەو منداڵیان دەمرێ نامرێ قیرو سیاو ! !

ئایا رازیانەمان لا چنگ دەکەوێت ؟

. هێندەی لە تاقیکردنەوەی ژیانی خۆمدا بۆم وەدەرکەوتووە نەتەوەکەمان سیفەت‌و خاسیەتێکی زۆر جوان‌و پەسەندی هەیە ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ئازایەتی‌و قوربانی دانێکی ، خۆی بەزل نەزانیوەو لافو گەزافی بۆشی لێ‌نەداوەو ئەوەی لەبارەی‌دا بووبێ بەوپەڕی تەوازوعەوە — بەشێوەیێکی گشتی — پێشکەشی‌کردووەو قەوارەو نرخ‌و پایەی خۆی بەشێوەیێکی مەوزوعیانە سەیرکردووەو ئینساف‌و ویژدان لەبەراوردکردن‌دا لەئارادابوە . . چ لە ئەدەب‌و زانست‌و فەلسەفەی مرۆڤایەتی‌داو چ لە بەشداریبە بچووکەکەمان‌دا لە کاروانی شارستانێتی مرۆڤایەتی‌دا .

بەڵام هێندەی دووی برێ لەو قەڵەم بەدەستانەی ئەم سەردەمەمان کەوتبم . . چ بەنووسین‌و چ بەئاخاوتن سەری زمان‌و بنی زمانی ئەو برە رۆشنبیرە ئەوەیە باسی (تووتێی) برێکی تریان دەکەن . . [وەك قوتابی لە شێوەی تووتی قسەی مامۆستاکانی دەڵێتەوە[1]] بەم جۆرە تاوانی [ساویلکەیی[2]] دەهاوێژنە سەر ئەو برەی دووەمیان . .

کێ هەیە کچی خۆی بکاتە قوربانی کوڕی خەلکی ! ؟

بێ‌گومانم ئەمە کارێکی ناهوشیارانەیە . . چونکە ئیتر کار لەوەدا نەماوە کە کچ زیندەبەچاڵ بکرێت‌و هەروەها باوەڕی جارانی فەیلەسووفان کە ئافرەتیان بەدەستکردی شەیتان دادەنا . . بەهۆی کۆمەڵی [تیك . . تیك‌و یزم . . یزم]ەوە پووچ کرایەوەو ئافرەت لە نەوەی ئادەمزاد مارەکرایەوەو نرخی مرۆڤایەتی بەهۆی پێوەندی نیوان (هۆ) و (ئەنجام)ەوە بۆ سەندرایەوەو چارەنووسی ئادەمزادێتی پێ بەخشرایەوە . بەڵام بەهۆی کۆمەڵی (زیك‌و یزم) ی ترەوە چاوبەستێکی نوێ‌ی

بۆ خرایە کارو لەگەڵ بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی نرخی (دۆلار) دا جۆرە کۆت‌و پێوەندێکی هاوچەرخانەی لە زێڕو لیرە بۆ دروست کرا تا بکرێتەوە کۆیلەی سەردەم (قۆناغی) عەبدایەتی جارێکی تر بۆ دروست‌بکرێتەوەو لەو لایەنەوە تێ‌ی بروانرێ کە بە تەنیا هاودەم‌و هاورازی نێو پێخەف‌و ژووری نوستنەو ، کەڵکی کارکردن‌و بەرهەمهێنانی پێوە نیە . . بێ‌گومان ناو لێفەو دۆشەك‌و بەتانیا جێگەی مەرەزەی چەڵتووك‌و کارخانەی پاپۆڕ دروستکردنی تیا نابێتەوەو جگە لە بێچوو و زاوزێ هیچ پێوەندیەکی بە باری ئابووریەوە نامێنێ .

با بگەڕێینەوە سەر کچی خۆمان‌و کوڕی خەڵك . . من گومانم لەو کەسە

هەیە کە کچی خۆی ناداتە مێردو کوڕی خەڵك ناکاتە شووی کچەکەی . . دەبێ ناگزوری‌یێك هەبێت . . بە کورتی دەبێ ڕووی مەجلیسی نەبێ . . یا گەر بەهەڵە نەچووبم (وەجاخ کوێربێ) دەستی لەم نهێنیەدا هەبێ . . ئەگینا بۆچی لەوە سڵ بکەمەوە لەگەڵ ئەو عالەمەدا بڵێم (ئاو شلە) . . یا ٢+٢ دەکاتە چوار . . ئەگەر (تووتێتی) لەوەدابێ بڵێم (تایەی پێنجەمی ئوتومبیل بێ سوودە) یا (ئاگر گەرمە) یا ٢+٢= دەکاتە چوار .·. ئەوە بەو جوامێرێتی‌و ناتووتێتیە ڕازی‌نیم کە بڵێم ٢+٢ دەکاتە پێنج . . یا بە ئافرەتێکی شەنگ‌و شۆخی بێگانە بڵێم بەد فەساڵ‌و ناشیرینەو بە ڕەنگ‌و ڕوو ئاولاویەکی کوت‌و کوێری لای خۆمان بڵێم نازدارو شیرینە . . هەروەها بە پێچەوانەشەوە . . ئیتر با درێژەی نەدەبنی‌و بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست .

من لەگەڵ ئەو پێشەکیە دوورو درێژەی مامۆستا (مەسعوود محەمەد) دام کە ئەم سروشتەی ئێمە تێیدا دەژین پڕێتی لە دیاردەی چاوخەڵەتێن . . زیاتریش لەمە دیاردەی تریش هەیە کە ئەندامەکانی تری هەستکردن دەخەڵەتێنن . . ئەگەر پەنجەی لە گۆ کەوتوومان بخەینە نێو ئاوێکی ساردەوە وا هەست دەکەین ئاوەکە گەرمەو . . ئیتر نموونە زۆرە کە هەست خەڵەتێنن ، **بەلام بیرو مێشك خەڵەتاندن ستەمە . . ئەمەیان دەچێتە خانەی خۆخەڵەتاندنەوە** . . ئەی ئەوە نیە کرێکارێك بەسەفتە دینار لە خاوەن کارێك وەردەگرێت ؟ ! خۆ دیارەو بە چاوی خۆمان دەی‌بینین کرێکارەکە ئەو کەمڕووتێنێتەوە . . بەلام ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین سەیری تەنیا ساتی مانگانە وەرگرتنەکە ناکەین . . چونکە نهێنیە کە لەوەدایە کرێکارەکە لـەوەوبـەر ڕوتێنراوەتەوەو نەجاتی‌بوە . . بوێی هەرگیز دیاردە چاوخەڵەتێنەکان ئەوەندەی دیاردە خۆخەڵەتێنەکان تاوانبارنین‌و دەتوانم بڵێم ئەوەی یەکەمیان هەرتاوان نین‌و سوودێکی گەورەشیان هەیە کە کلیلی دۆزینەوەی نهێنیەکان بەدەست دەخەن . . چونکە گشت دیاردە چاوخەڵەتێنەکان‌و تەپکەوداوە سروشتی‌و کۆمەلایەتیەکان سەرچاوەی دۆزینەوەو هەلهێنانی گەلێ ڕاستی زانستی‌و پشکنینی زوربەی نهێنیەکان بوون‌و بە دەیانی وەك کۆپەرنیکۆس‌و گالیلۆو داروین‌و ئاینشتاین‌و پاڤلۆڤ‌و ماندل‌و نیوتن‌و . . . هتد ، نهێنی دیاردە چاوخەڵە تێنەکانیان دۆزیەوە کە نەك هەر بەنیسبەت ساویلکەکانەوە چاوخەڵەتێن بوون بگرە بەنیسبەت گشت ئادەمزادەوەو تائێستاش‌و هەتا هەتایە هەر چاو دەخەڵەتێنن . . بەلام بیرو هۆش‌و لێکدانەوەی هەموویان ناخەڵەتێنن . . ئاسمانیش لای هەموومان هەروەکو گومبەزێکی شین وایەو بەلام هەندێکمان بەهۆی جۆرێ لە (تووتێتی) یەوە کە دوای زانایان کەوتووین ئەو هەقیقەتەمان دەرك پی‌کردوە کە گومبەزەکە تەنیا هەوایەو شینیەکەشی ڕەنگدانەوەی کورتە شەپۆلێکی تیشکی خۆرە هەواکەی شین‌کردوە لە ئێوارە وەختەش‌دا کـەشەپۆلی درێژی سوورپێچەوانە دەبێتەوە لە ئاسۆدا ڕەنگی پرتەقاڵی دەبینین . . هەروەها سوورانەوەی زەویش‌و ئەو پەڵە هەورە گچکەیەش کەهەرگیزاو هەرگیز تنۆکێکی لەوە کەمتر نیە کە لەسەر زەوی لافاوی پێ‌هەڵدەستی‌و ماڵ‌و شاران وێران دەکات‌و . . . هتد .

ببوورن . . هەرچیەك دەزبارەی زانستی‌و نهێنیەکانی سرووشت دەڵێین هیچی لەگیرفانی خۆمان‌و لە فابریقەو ڕوانگەو موختەبەری خۆولاتەوە نەهاتووەو نەدۆزراوەتەوە . . گشتی بەری ڕەنج‌و شەونخوونی‌و لێکدانەوەی سەدان‌و هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتیە . . ئەوەی دەیلێین قسەو تیۆرو زانستی‌ی زاناو فەیلەسووفانە ، وتنەوەو باسکردنیان زۆر باشترە لە قڕوقەپ لی‌کردنی . . ئەم جۆرە (تووتێتی)یە لە زۆر (ناتووتێتی) سوودمەنترەو چاوی ئەو خەڵکە (ساویلکە) یەشی زیاتر پی‌دەکرێتەوە . . بەلام کە دەڵێین (تووتی) هەر دووبارە کردنەوەی قسەی ئەو برە کەسەیە کە بە سووکیەوە دەنوارنە مەسەلە فەلسەفی و زانستیەکان ئەگینا (تووتێتی) تەواو و لە سەدا سەد بە تەنیا لە هەندێ پێڕەوی ئاینی دایەو بەوپەڕی ڕەوانبێژی‌و سەروبۆرو ژێرەوە دەوترێ‌و دەوترێتەوە . .

وابزانم مامۆستا مەسعوود محەمەد نکوولی لە وەنیە کە سەرتاپای یا هەر هیچ نەبێ مەسەلە زانستیەکانی – پێشەکیە دووردرێژەکەی دووبارەکردنەوەو وتنەوەی قسەو بیری کۆمەڵێ مامۆستایانی زەین‌ڕوون‌و خزمەتگوزاری مرۆڤایەتین کە لە ئەنجامی خۆرەنجاندنێکی زۆر دا ئەمجا بەو ئەنجامانە گەیشتوون‌و زۆریش لە ڕۆشنبیرانمان هەیە کە بە تەواوی ناتوانن جارێکی تر دووبارەی بکەنەوەو بیلێنەوە . **جا لەبەر ئەوەی مامۆستا مەسعوود قسەکانی پێشەکی وتارەکەی نەداوەتە پاڵ زادەی بیری خۆی بوێ لەسەری ناڕۆم‌و باسی ئەو کتێبانە ناکەم کە ئەو قسانەی**

تێدان . .

مامۆستا مەسعوود کەدێتە سەرباسی ڕۆشنبیران دەڵێ :

«بەلای منەوە ڕابەرایەتی و پێشرەوایەتی ڕۆشنبیر لە مەیدانی فیکردا سێ مەرجی بنجی گەورەی پێویە[٣] **.**

هەرسێ مەرجەکەو چەندان مەرجی دی لەمەوبەر بەوردی لە وتارو کتێبان دا باسکراوەو لێرەدا تەنیا ناوی کتێبی (التثقیف الذاتی) سەلامە مووسا دەبەم کە بەوردی باسی مەسەلەی پسپۆڕێتی ڕۆشنبیر لە بابەتێك دا دەکات . . ئەمجا باسی ئینسکلۆپیدیایی ڕۆشنبیر لە بابەتەکانی تردا .

ئەمجا هەر لە باسی پێشرەوایەتی ڕۆشنبیر دا ئارتەرمیللەر دەڵێ «ڕۆشنبیران لە داواکردنی گۆڕرانە کۆمەڵایەتیەکان دا یەکەمینن، بەڵام لە پێ‌قایل‌بوونی ئەو گۆڕانکاریانە دا دوایەمینن»

ئەم گوتانەو زۆری تریش لەمەوبەر ڕووناکبیران بە هەر دوو تەرەفیانەوە گوتوویانەو ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بەم دووبارە کردنەوەو سێ بارەکردنەوەیەی مامۆستا مەسعوود کارێکی سوودمەند نەبووبێ . . چونکە بێ‌گومانم کە زۆر کەس‌هەن نەك هەر نەیان بیستوون‌و ئاگادارنین بەڵکو واش هەست‌دەکەن کە ئەو گوتانە هەمووی نوێن‌و یەکەمین جارە مامۆستا مەسعوود باسیان دەکات .

من بەشبەحاڵی خۆم خوشبەخت بووم کە بەو زمانە ڕەوان‌و سەرنج ڕاکێشەرە ئەو گوتانەم خوێندەوە . . بەڵام ڕاستیەکەی کێچ کەوتە کەوڵمەوە . . لەبەر ئەوەنا کە مامۆستا لە کۆتایی گوتارەکە دا ڕایەکی دژ بە ڕای منی دەربڕیوە . . نەء . . بەڵکو لەبەر ئەم سێ هۆیە :

١ – مەوزووعی (تووتێتی)و گوتنەوەی قسەی خەڵکان کە لەمەوبەر بەشێکیان خستەڕوو .

٢ – تاوانبارکردنی دیاردە چاوخەڵەتێنەکان‌و خۆڵەقەرەی دیاردە خۆخەڵەتێنەکان نەدان . .

٣ – کێشەی (قۆناغی) عەبدایەتی . . کە مەبەستی سەرەکی نووسەرەو ئەمەشیان زۆر پێوەندی بە مەسەلەی (تووتێتی) یەکەوە هەیە .

ئەوپێشەکیە دوورو درێژەو وەستایەتی کردن لەوەدا کە چۆن ئەم دیاردانە دراونەتە دەم یەك‌و چۆن بە تەقەڵی وردچن چنراون‌و بەرەو کوێیان دەبەن ؟ کە بە کورتی مامۆستا دەیەوێ بڵێ :

[دیاردەی ڕووکەش زۆرە . . **چ لە سروشت خۆی داو چ لە بیرو فەلسەفە زانستیەکان دا . . ئەم دیاردانە وەك جادوو داوو تەپکە چاوبەستی خەڵکی دەکەن . . یەکێ لەم جادووگەرێتی‌و فێڵ‌و فەرەجەش لە قوژبنێکی زانستی (مادی مێژوویی) دایە خەڵکی ساویلکەش بیر ناکەنەوە و وەك تووتی دەڵێن مێژوی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بە پێنج (قۆناغ) دا تێپەڕیوە . . ئەمجا مامۆستا مەسعوود (بە ناوی خۆیەوە) قۆناغێکیان پووچ دەکاتەوە کە ئەویش قۆناغی (عەبدایەتیە) کە بەدوای قۆناغی کۆمیونیزمی سەرەتایی دا دێت . . دەیەوێ ئەوە بسەلێنێ کە (عەبدایەتی) قۆناغ نیەو دیاردەیێکی کۆمەلایەتیە واتە بەپێی ئەم ڕایە تەنیا چوار قۆناغ لە مێژووی کۆمەڵایەتی‌و زانستی کۆمەڵایەتی دا هەیە . . لە قۆناغی سەرەتاییەوە یەکسەر بازی داوەتە قۆناغی (دەرەبەگایەتی) و ئەمجا (سەرمایەداری) و دواجاریش (سۆشیالیزمی)]** . . بۆ ئەمەش چەند بەڵگەو بیانووێکی هێناوەتە وا بە درێژی‌و هێندەی بلوێ بووترێ ڕوونی دەکەمەوە .

بەپێی تیۆرە زانستیەکە . . ئەوە کراوە بە بنج کە هەموو (قۆناخێك) زادەی عەمەلیەتی گۆڕرانی ئابووریەو مامۆستا مەسعوودیش هەر لەسەر ئەم یاسایە دەیەوێ ئەوە ڕەت‌بکاتەوە کە (عەبدایەتی) زادەی عەمەلیەتی بەرهەمهێنان بێ . . لەبەر ئەم هۆیانە کە دەڵێ :

١ – لە ئاکامی دۆڕاندنی شەڕ دا . . دانیشتوان وەیان عەسکەرەکانی وڵاتە تێ‌شکاوەکە بە دیل‌گیراون‌و بوونەتە (عەبد) .

٢ – لەبەر ناگزووری خەڵك منداڵی خۆیان فرۆشتوە . . ڕەنگە خۆشیان فرۆشتبێ . . ئیتر لەبەر ئەوەی کڕین‌و فرۆشتنیان بەسەرەوەیە نابنە عەبد چونکە مەڕو گیسك‌و . . هتدیش دەفرۆشرێن‌و (قۆناخانیش) دروست ناکەن .

٣ – ئەمجا (عەبد) دەشوبهێنێ بە عەسکەرو قوتابی‌و موەزەف . . لەبەر ئەم خاڵانە :

أ – عەبدو عەسکەرو قوتابی‌و موەزەف هەرەمەی هەموو چینەکانن . . لە شازادەوە تا هەژاری ڕووت .

ب – زادەی یەکسەرو ڕاستەو خۆی بەرهەمهێنان نین

ج – دەشێ هاو عومری زوربەی قۆناخە مێژوویەکان بن .

د – هەموویان حاڵەتێکی کاتین بۆ تاکەکان ، دەشێ عەبدێك بەجۆرێ لە جۆرەکان ئازادبی بە

دەست بێنێ.

هـ - هەندێ جار ژمارەی قوتابی ئەوەندەی تێکرای فەللاح و کریکار زیاتر دەبێت.

٤ - عەبدایەتی شتێکی دیکەی زادەی هەناوی خۆی بەدوا خۆیدا نەهێنا وەك کە سۆشیالیزم بەدوا سەرمایەداری دا دێت و لەویش دەکەوێتەوە.

٥ - عەبدایەتی شتێکی حەتمی و ناچاری نیە.. چونکە دەشێ لە کۆمەڵ دا عەبد هەر پەیدا نەبێ.. وەك نەبیستراوە کە لە کوردەواری عەبدایەتی هێندە هەبووبێ کە سەرنج ڕاکێشێت وەیان پیی بگوترێ چین.

ئەوەبوو زووتر وتم «کێچ کەوتە کۆڵمەوە» چونکە هەر هەموو ئەم قسانەم لەمەوبەر بیستووەو لە کتێبان دا خوێندوومنەتەوە.. ئەو کتێبانەش هێندە زۆرن گەر نموونەیان لێدەربێنم ئەوا هەر ئەم وەڵام دانەوەیە جزوبەندێکی گەورە دەگرێتەوە.. بۆیێ چەند نموونەیێکی کورت لە چەند کتێبێکی کەم دەهێنمەوە.. تا بۆ هەموان بسەلمێ کە مامۆستا مەسعوود هەرچیەکی دەربارەی مەسەلەی (عەبدایەتی) ش ووتوە هی خەڵکی ترەو نەدەبوو بیووتا بە [ناچارم تەپکەیەکی فیکریی زۆر بە ناوبانگ بدەمە بەرینگای خوێنەرو مافی ڕەخنە گرتنی تێدا بەکار بهێنم (٤)] ئەمجا بێتوبڵێ [منیش کە دێم ڕەخنەی لێدەگرم هونەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکەسەی لەسەرەتاوە بیری وەهای کردوە من بەخۆیەوە خەریك بکات/٥] ئاشکراشە ئەوەی کە مامۆستا ڕەخنەی لێدەگرێ خاوەنی تیۆرە زانستیەکەیە -

کە لەڕاستی دا دەبوایە مامۆستا مەسعورد ئەم ئەرکەی منی بکێشایەو هەرخۆی ئەو تێکست و لاپەڕانەی بۆ خوێنەران دەستنیشان کردبایە کە ڕاو بۆچوونەکانی لێوە وەرگرتوون و هەمووشی بخستایەتەوە پاڵ خاوەنەکانیان نەك خۆی.. جا لەبەر ئەوە ناچارم لە کاتی شیکردنەوەکان دا من بەڵگەو نموونەکان بخەمە بەرنیگای خوێنەران بەسەرچاوەو لاپەڕەو ناوەوە.

پێشەکی هەندێ لە ناحەزانی ئەم زانستیە چەندەها ڕاو بیرو باوەڕیان دەربارەی (قۆناخی) پێش عەبدایەتی (سەرەتایی دەربڕیوەو لەوە دواون کە ئەویشیان (قۆناخ) نیەو نەبووە چونکە مولکداریتی تایبەتی هەربووەو مولکداریتی لە تەبیعەتی مرۆڤ جیاناکرێتەوەو هەر لەسەرەتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە چینایەتی هەبوە... هتد[٦].. کە بەم حسابەیان بێ قۆناغەکان دێنە سەر سێ قۆناخ، ئەگەر نەڵێم دووکانی بەکرو دوو قالب سابوون!..

با لەمە گەڕێین و بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی (عەبدایەتی) یەکەی خۆمان و داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانم خاڵ بەخاڵ باسی ڕایەکانی پێشوو بکەم چونکە پێوەندیەکی توندو تۆڵ پێکیانەوە دەبەستێتەوە.. بەڵام هیچ خاڵێکیان لەسەر جەمی نووسینەکەم دا فەرامۆش ناکەم.

ڕاستە مەسەلەی (عەبدایەتی) بە پلەی یەکەم زادەی سەرکەوتن و تێکشاندنی جەنگە.. بەڵام بەشی یێکەمی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە سەر (قۆناخی سەرەتایی کۆمەڵ) و ئەوکاتە هێشتا نەبووبوونە عەبد.. بەڵکو تەنیا (دیل) بوون و بەزۆری یان دەکوژران یاخود دەخوران.. ئەوەتا لە کیتابی موقەدەس دا دەڵێ:

[واما مدن هؤلاء الشعوب التي يعطيك الرب الهك نصيبا فلا تستبق منها نسمة ما[٧]]

بە منداڵ و گەورەو نێرو مێوە سەردەبڕران.. بەڵام ئەو شارانەی بەبێ شەڕ خۆیان تەسلیم دەکرد.. بەشێوەی عەبد بۆ کارکردن و بێگاری پیکردن بەکاردەهێنران..

بەڵام ئەمەیان دەکەوێتە نێو قۆناغێکی ترەوە کە بە (عەبدێتی) دەمانەوەو کاریان پیدەکرا.

[لە قۆناغی ئابووری ئەم سەردەمە دا کە وردە وردە پیی گەیشتن (دیلەکان) ی شەڕ نرخیان پەیدا کردو سەرکەوتوانی شەڕ ویستیان بە کۆیلەیەتی بیانهێڵنەوەو سوود لە کارکردنیان وەربگرن.. بەم جۆرە هێز خرایە خزمەتی بارە ئابووریەکەوە[٨]]

ئەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە وەڵامی (هێر یوجین دۆهرینگ)ە کە لەو سەردەمەدا هەمان ڕای مامۆستا مەسعوودی دەربڕیوەو (عەبدایەتی) بە قۆناغدانە ناوەو دژی ئەو وتراوە.

[بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایەی (دۆهرینگ)ەوە.. ڕژێمی کۆیلایەتی داهات و هێندەی نەخایاند کەبوە شێوەی باوی بەرهەمهێنان لەلایەن هەموو ئەو گەلانەی کە تەجاوزی سنووری کۆمەڵگای سەرەتاییان لە گەشەسەندندا کردبوو[٩]].

ئەمجا دەڵێ ئەگەر کۆیلایەتی نەبوایە.. ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و ڕۆمانی نەدەهاتە

ئاراوەو تەنانەت دەڵێ ئەگەر رژێمی کۆیلایەتی لە مێژوو دا نەبوایە سۆشیالیزمی ی نوێ نەدەبوو[١٠] .

جا دەپرسین . . ئایا شەر چیە ؟ ! ئایا هیچ پێوەندیەکی بەباری ئابووریەوە نیە ؟ ! ئەی ئەو دیلو ئەسیرانەی لە شەر دا دەگیرێن چین ؟ ! هەر ناویان ئەسیرە یا عەبدەو هیچی تر نین ؟ ! هەر بۆ کرینو فرۆشتنن ؟ ! ئەی پاش کرینو فرۆشتنەکان چیان لێ دەکەن ؟ !

هەر بۆ نموونە . . هانیباڵێك کە لە ساڵی ٢٠٠ پ . ز دا پاش گیرانی شاری (قەرتاجە) بازرگانی بە عەبدەوە کردبێو (٣٠) هەزار عەبدی فرۆشتبێ . . یان ئەنجومەنی شار (١٥٠) هەزار عەبدی فرۆشتبێ و هەر جوتیارێك پێنج شەشێکی لێ کریبێ نابێ بپرسین ئەمانە چۆن دەژیان ؟ ! ئایا هەر بۆ جوانی دا دەنران ؟ ! ئەمە لە بەشێکی پچووکی ئەم سەرزەمینە دا وبەس . . ئەوەش ئاشکرایە کە تەنیا (دیلەکان)ی شەر نەدەبوونە عەبد بەڵکو دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکەش بە گشتی دەبوونە عەبد . . . ئەوەتا [ژمارەی عەبدی رۆما لە ساڵی ٢٤ پ . ز دا گەیشتە (٢٠) ملیۆن بەرامبەر ٢١٤ هەزار ئازاد . . لە ئەسیناش دا لەسەردەمێك دا (٤٠٠) هەزار عەبد بەرامبەر (٢١) هەزار ئازاد بوو[١١]] کە نیسبەتی ژمارەی عەبد لە چاو ئازادەکانی رۆمادا نزیکەی (٩٥) عەبد بوو بۆ تەنیا یەك پیاو . . لەوی تریش دا نزیکەی ٢٠ عەبد بۆ ئازادێك .

کەواتە کرینو فرۆشتنی عەبد گەرچی بازرگانیەکی سەربەخۆ بوو بۆخۆی . . بەڵام بۆ کۆمەڵە مەبەستێکی جۆراو جۆر ئەم سەودایەی پێوە دەکرا کە بەپلەی یەکەم بۆ بەرهەمهێنانو کارکردنە . . چونکە ناچێتە ئەقڵەوە پیاوێکی ئازادی رۆمای ئەو سەردەمە (٩٥) کۆیلەی بە خێوکردبێ . . بەم حیسابەیان مەسەلەکە لنگەوقووچ دەکەوێتەوەو ئەوکاتە عەبدەکان دەبنە کوێخاو ئاغاو کابرای ئازاد دەبێتە رەنجبەریان . . بێ گومان عەبد بەپلەی دوەمو سێیەمو دەیەمیش بۆ زۆر مەبەستی تر بەکاردەهێنرا . . بەتایبەتی ئافرەتانیان . . جا ئیتر بۆ رابواردن بێ لەتەکیان دا یا بۆ کاروباری نانکردنو چێشتلێنانو خزمەتی تری ناو ماڵ . .

ئەگەرچی قۆناخی کۆیلایەتی وەحشی ترین تاوانی نامرۆڤانەی تیا دەکرا – هەر لەوەوە کە عەبد بووبووە هەرزانترین هێزێکی کارکردنو مەمرەو مەژی دەژیاو ، نەك هەر بەرهەمەکەی بەڵکو عەبدەکە خۆیشی بە تەواوی ببووە موڵکی خاوەنەکەی . . تا دەگاتە ئەوەی کە چۆن بۆ یەکتری کوشتن کێش دەکرانە نێو مەیدانە فراوانەکانیانەوە تا لەزەتو خۆشی لە خوێنی رژاویان وەرگرن – بەڵام مادیی مێژوویی بە قۆناخێکی بەرەو پێشەوەچووی دادەنێ لە کاروانی گەشە سەندنی کۆمەڵایەتی دا . . چونکە لەم قۆناخە دا دیاردەی کار دابەشکردن هاتە ئاراوەو بەرەو رێكو پێکی هەنگاوی نا . . کەرەسەی بەردین و دارین فرێ درانو کەرەسەی مەعدەنی جێگەیانی گرتەوە . . بەرهەمی کارکردن لە کشتوکاڵ دا پتر بوو . . جگە لە کشتوکاڵ عەبد لە پیشەسازیش دا کاری دەکرد . . هەروەها شوانیو بازرگانیشی دەکرد . . بەکارکردنی ئەمان . . خاوەنەکانیان بە تەواوی بێ ئیشوکاری بەرهەمدار مانەوەو دەستیان دایە لایەنەکانی تری ژیان . . هونەرو ئەدەبو فەلسەفەو زۆرشتی تر کە زیاتر مێشك و بیری پێوە خەریك دەبێو گەرچی لەناو عەبدەکانیش دا تاکو تەرای وایان تێدابوو لەم بارەیەوە نرخو پایەی بەرزی خۆی هەبێ . . بەڵام بە شێوەیێکی گشتی هەرچی عەبد هەیە بە جۆرێکی ئەوتۆ لەشو بیری دەشێوێنراو تێكدە شکێنرا کە لە گیانی خۆی بێزار بێو هیچ شتێکی ئەم جیهانەی بەلاوە بایەخدار نەبێ . . تەنانەت لە تێکشاندنی کەرەسەو ئامێرە قورسو قەبەکان دا جۆرە تۆڵە سەندنەوەیەکیشی تێدا بەدی دەکرد .

بەڵام ئەگەر هەر واشمان دانا کە عەبد دەورێکی ئەوتۆی نەبوە لەبەرهەمهێنان داو بەوە رازی بووین کە تاکە کەسێکی ئازاد ٩٥ – ١٠٠ عەبدێکی بەخێو کردوەو عەبدەکان لە پاڵەوە خواردوویانەو خواردوویانەتەوە . . کە هەرگیز جێگەی بروا نیە . . بەڵام ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش زادەی بیری مامۆستا مەسعوود نیەو [جۆزێف نیدام لە کتێبی زانستیو شارستانێتی ل ١٠٩ و ١١٩ دا پەی بەو (هەقیقەتە) دەبات کە عەبدایەتی دەورێکی گرنیگی لە بەرهەمهێنان دا نەبوە .[١٢]]

هەر لەم بارەیەوە کە مامۆستا عەبدو عەسکەرو قوتابیو . . پێك دەشوبهێنێ چونکە لە عەمەلیەتی بەرهەمهێنان دا دەوریان نیەو لە چینە جۆراو جۆرەکان پێك هاتوون . . ئەوەی ئاشکرایە ، بەکەمێ وردبینیو بیرکردنەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە عەبدایەتی بنجو بناوانی لەسەر چینە هەژارو بێدەرەتانەکان دامەزراوە . . چونکە وەك مامۆستا خۆی ئیشارەتی پێداوە رەنگە تاکو تەرایان توانیبێتی

ئازادی بەدەست بێنێ . . کە ئەمەشیان بە زۆری لە ڕێگەی خۆکڕینەوەوە دەبێ‌و کابرایەکی عەبدی کۆنە دەوڵەمەند دەتوانێ بەزەبری پارە خۆی بکڕێتەوەو ئازادی بەدەست بێنێ و ئیتر لە خانەی عەبدایەتی دا نامێنێ‌و دیاردەی نزیك لەم هە یت‌و هوتە تاك‌و تەرایەش لە نێوچینی جوتیارو کرێکارانیش دا ڕوودە دەن . . بە تایبەتی جوتیارێکی خاوەن زەویەکی بچکۆلە لە پاش چەند ساڵێکی بەهات‌و ئاو هەوا خۆش . . ڕەنگە قازانجێکی ئەوتۆ بکات کە پارچە زەوی تری پێ بکڕێت‌و جوتیاری تر بۆ خۆی ڕابگرێت‌و ببێتە برا دەرەبەگێك .

لە لایەکی ترەوە کورە جوتیارێکی عەسکەر . . یا کورە کرێکارێکی قوتابی هەر لەسەر چینەکەی خۆیان حسێب دەکرێن . . چونکە جیاوازیە چینایەتیەکە لە قوتابخانەو ئۆردووگا کان دا بە پوختترین شێوە دیاری دەدەن‌و زوربەی هەرە زۆرمان موعاناتی ڕۆژانی خوێندنی سەر کورسیی قوتابخانەکانمان لە یادەو نە قوتابێتی‌و نەعەسکەرێتی کێشەچینایەتیەکانی نەسریوەتەوە . . بەڵام کێشەی عەبدایەتی زۆر جیاوازەو (مەزەندەبێ ئەوە ناکرێ کۆمەڵێ عەبد پێکەوە لە جیاتی ئاژەڵ . . جەنجەڕو گاسنیان ڕاکێشابێ‌و خەریکی کێڵان ، یا سەوڵ لێدان بووبن . . بەڵام لە نێو خۆیان دا (موعاناتی) چینا یەتیان هەبووبێ . . ئەوەش ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی عەبدەکانە کە بەرامبەر بە ڕژێم‌و یاساکانی خاوەنەکانیان بوو توانیان کە هەرچۆنێ گەمارۆیان بدەن‌و تەنگیان پێ هەڵچنن گەرچی لە ئەنجام دا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا .

سەرەرای ئەمە لە نێو عەبدەکان دا نەك هەر عەسکەرو قوتابی هەبوون . . بەڵکە فەیلەسووف‌و مامۆستاو فرمانبەریشیان تیا دەرکەوت . . (ئیزۆپ) چیرۆك گێڕەوەیەکی بەناوبانگی یۆنانی بوو تائێستاش بەرهەمەکانی ماوەو کەچی عەبدیش بوە . شیعرەکانی هۆمیرۆس لە عەبدە یۆنانیەکانەوە وەرگێراونەتە سەر زمانی لاتینی . . تەنانەت (ئیفلاتوون) چەند ساڵێك عەبد بووە . . سپارتاکۆسیش بە (١٠٠) هەزار عەبدەوە شۆڕشی بەرپاکرد . . باشە بەرامبەر دەیان‌و سەدان نموونەی وا بڵێین چی ؟ ! ئەگەر عەبدایەتی وەك عەسکەری‌و قوتابێتی وابێ . . ئەی عەسکەرو قوتابیی عەبد ناوبنێین چی ؟ ! گەر عەبدایەتی دیاردەبێ‌و قوتابێتی‌و عەسکەریش هەر دیار دەبێ . . (١٠٠) هەزار عەسکەرەکەی سپارتاکۆس‌و سەدان قوتابی‌و مۆزەفی عەبد دەبێ ببنە دیاردەی دیاردە ! ! .

مامۆستا مەسعوود دەڵێ دەشێ عەبد هاو عومری زوربەی قۆناخە مێژوویەکان بێ . . ئەمەیان زۆر ڕاستە . . بەڵام وەك تاکەکان نەك وەك یاساو ڕژێم چونکە سەعات‌و دەقیقە بۆ قۆناخەکان دانەنراوە . . دەشێ پاش کۆتایی هاتنی قۆناخێك بە شێوەیێکی گشتی ، چەند نموونەیێکی لە چەند بەشێکی سەرزەوی دا بمێنێ . . ئەوەتا [مۆرگانی زانای ئەمەریکایی دوای لێکۆڵینەوە گەیشتە ئەوەی کە تا ئەمڕۆش پاشماوەی کۆمەڵگای سەرەتایی لای هەندێ میللەت ماوە لە شێوەی هاوبەشیی کشتوکاڵی دا لە نێو تیرە وەحشیەکانی ئەمەریکاو دوورگەکانی زەریای هێمنی دان[١٣])

هەر لەم بارەیەوە لە ساڵی ١٩٥٢ بە دواوە چەند جارێك (شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی بڵاوکرایەوە کە لە شێوازێکی زۆر سەرەتایی بەرهەمهێنان دەدوێ وەك شێوازی کۆنی ڕۆمانی‌و یۆنانی‌و عیبری‌و . . . هتد بۆ ئەوەی وەك قۆناخێکی مێژوویی بخرێتە نێو قوناخەکانەوەو ئیتر لە دوای بڵاوکردنەوەی زۆر کێشەی گرینگك باس کراوە .

ئایا هێشتا زانایان لەوە دا سەربەستن کە باسی تێکچوون‌و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بکەن‌و بەو لێکدانەوەیە وازبێنن کەهۆ بنجیەکەی دەگرێتەوە بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگای ڕۆمانی لە قۆناخی عەبدایەتی نائاشکراوە بۆ قۆناخی دەرەبەگایەتی خراپ دەستنیشان کراو ؟ ! یا بڵێن کە کۆمەڵگای (چین) قۆناخی عەبدایەتی نەدی کە دەرەبەگایەتی بەدوادا دێ ، وەك کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست[١٤]] .

ئەوەتا لێرەدا وبەر لە مامۆستا مەسعوود گومان لەوەکراوە کە لە چین دا قۆناخی عەبدایەتی هەبووبێ . . لە لایەکی تریشەوە [ڤیتنکۆف دەڵێ : نیزامی عەبدایەتی نە لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی کۆن‌داو نە لە چین‌و هیندستان داو نەلە سەر ئاستی مێژوویی بنکەی بەرهەمهێنان نەبوە . . هەوڵدانی (فلادیمیر. ل) یش بۆ ئەوەی سیفەتی قۆناخ لە پەرەسەندندا بداتە کۆمەڵگاکانی عەبدایەتی ، ئەمە ئەوروپاو گەلانی کیشوەرەکانی تر دەگرێتەوەو لەمەدا پشتی بە ڕووداوی مێژوویی دەسنیشانکراو نەبەستوە ، بەڵکو تەعمیمێکی ڕووتە[١٥]] .

ئەو گوتەیەی مامۆستا مەسعوود کە دەڵێ دەشێ لە کۆمەڵ دا عەبد هەر پەیدا